خێرترین ڕیزەکانی پیاوان؛ ڕیزەکانی یەکەمن، وشەڕترین ڕیزەکانی پیاوان؛ ڕیزەکانی کۆتان، وخێرترین ڕیزەکانی ئافرەتان؛ ڕیزەکانی کۆتان، وشەڕترین ڕیزەکانی ئافرەتان؛ ڕیزەکانی یەکەمن

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خێرترین ڕیزەکانی پیاوان؛ ڕیزەکانی یەکەمن، وشەڕترین ڕیزەکانی پیاوان؛ ڕیزەکانی کۆتان، وخێرترین ڕیزەکانی ئافرەتان؛ ڕیزەکانی کۆتان، وشەڕترین ڕیزەکانی ئافرەتان؛ ڕیزەکانی یەکەمن».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە خێرترین ڕیزەکانی پیاوان لە نوێژدا کە زۆرترین پاداشت وفەزڵیان بۆ هەیە ؛ ڕیزەکانی یەکەمن، چونکە نزیکترینن لە ئیمام لەڕوانگەی بیستن وشتی تڕەوە، ودووڕن لە ئافرەتان، وخراپترین ڕیزەکانی پیاوان ؛ ڕیزەکانی پاشەوەن چونکە پاداشت وفەزڵیان کەمترە ودووڕترن لە داواکارییەکانی شەریعەت. خێرترین ڕیزەکانی ئافرەتان ئەوانەی پاشەوەن ؛ چونکە داپۆشراوترە بۆیان، ودووڕترن لە تێکەڵبوون لەگەڵ پیاوان ولە سەیرکردنیان ولە تووشبوون بە فیتنە، وخراپترینیان ڕیزەکانی پێشەوەن؛ چونکە نزیکترینن لە پیاوان ولە تووشبوون بە فیتنە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11299